# وانەی خۆشەویستی

سادرین کەرکووکی

سوید

Sardeen1997@hotmail.com



هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهـــات ڕۆژێک خـۆم لە پێستی عاشقێکدا ببینمەوە، چ جای خـۆم گیرۆدەی ئەوین ببم،کـەچی ئێســـتا بە خەیاڵمدا نایەت عاشق نەبووبـم! ئایا دەشێت مرۆڤ بـەبێ لەزەتی سەریەشەی عەشق سەربنێتەوە ؟ داخۆ مرۆڤ لە عەشق داماڵین چی لێ دە مێنێتـــەوە ! هـەڵبـــەت ڕۆبۆتێک دەبێ بۆ خۆی ، چونکە [redacted] هیچ هەست و بیرکردنەوە و خەمێکی بۆ داهاتوو نابێت. دابڕان لە ئەوین مەرگێـــکی کوشندەیە ، هەر بۆیە هەنـــدێک جـــار ئەویندارێک خۆشەویستەکە ی لـــە دەستدەدات، ئیـدی توانای بەرگەگرتنی ژیانی نامێنێ و بەرگری لە دەست دەدات .

ئەوین، بەهارو جـــوانی و تروسکەی نوێبوونـــەوەی ژیـــانی تێدایە، ژیانێک لێوانلێو لە خۆشی و ئازارو دەردەدڵ گۆڕینەوە . ئەوین، ئەو هەستەت لەلا دەبوژێنێتەوە، کە تۆ شتێک هـەیە لە پێناویدا بژی و کەسێک هەمیشـە لە چـــاوەڕوانیتدایـــە، هەروەک چۆن تۆ هەمیشە لە چاوەڕوانی ئە و دایت .

ژیان خەونە بۆ هاتنەدی خـــەونەکانمان پێویستمان بەکارو بە چاوەڕوانییە. هیچ خەونیک بە سانایی خۆی بەدەستەوە نادا و بە ئاسانیش بەدەست نایەت،خـــۆ ئەگەر لەچاو تروکانێـکـدا بەدی هات، ئەوە خەون نەبووە ، بەڵکو واقع بووەو ئێمە لـــە بەرامبەریدا نابینا بووینـە. تەنها هۆو پاسـاو بۆ بـەردەوامی ژیان و بەرگەگرتنی، خـــەونەکانمانن، خـــەونەکانمان ئـــاوی ژیانمان بوونەو هەمیشـــە داری ئومێـــدی ژینیـــان ســـەوز هیشتۆتەوە. سـەیرەکە لـــە وەدایـــە زۆر جـــار دەزانیـــن خەونەکانمان نایەنەدی و هـــاتنە دییـــان ئەستەمـــە، کـــەچی ئینجاش خەبـــاتیان بۆ دەکەین و گیانی خۆمانی بۆ دەخەینـە سەر لەپی دەست .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئومێـدێکی گەورەمـان بە داهـاتوو هەیە و حەزدەکەین ئەگەر خۆشـمان بەدەستمان نەهێنـاو نـەمانبینـی، ئەوا نەوەکانی دواڕۆژ لیێ بێبـەری نەبـن و بە دەستی بهێنن .